**Komalapartiet Scandiaviska Committen** **komalaparty Iran Kurdistan**

**2005-09-20**

---

ئەستێرەیەکی گەشی ئاسمانی هۆنەری کوردەواری ئەم بەیانیە رێگای چوونی نەهاتنەوەی گرتەبەر، رۆشت و خەمی لەدەس چوونی وەک تەمێکی قورس هەرەسی کردە سەر دڵی هەموو گەل و وڵاتەکەمان و شەیدایانی دەنگی بەسۆزی رەشپۆشی تازیەی چریکەکانی کرد. هۆنەرمەندێکی دڵسۆز و خەمخۆری گەل، کچێکی رۆڵەی شۆڕش و خەباتی گەلی کورد لە رۆژانی سەختی شاخ و شەوانی بێئەستێرەی غوربەت، بە رۆشتنی کەلێنێکی گەورێی خستەناو ریزی هونەرمەندە دەگمەن و بوێرەکانی کوردستان. بەداخ و کەسەرێکی زۆرەوە هونەرمەندی ناسراو و خۆشەویستی کورد مەرزیەی فەریقی بەیانی روژی یەکشەممە 18-09-2005 لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری ستۆکهۆلمدا بۆهەمیشە بەجێی هێشتین و چووە ریزی یادە بەرز و هەمیشە زیندووەکانی هۆنەر و شۆڕشی کوردستانەوە.

**مەرزیە فەریقی** ئەو کچە پێشمەرگە شۆڕشگێرە بوو کە لە ئەستەمترین رۆژەکانی شۆڕشدا لە ناو **ریزی پێشمەرگەکانی کۆمەڵەدا** لەخۆبردوانە و ئازایانە لە هەموو بوارەکاندا بەتایبەت لە بواری هۆنەریدا هاوشان لەگەڵ کاک ناسری رەزازی هاوسەری و چەندین هۆنەرمەندیتر، یەکێک لە کۆڵەکەکانی کۆڕی هونەری بانگەواز بوو کە ورەی خەباتکارانەی خەڵک و پێشمەرگەیان بە سروودی شۆڕشگێڕانە بەرز رادەگرت و هاواری ئازادی و عەداڵەتخوازی بە چریکەی بەسۆزی خۆی دەگەیاندە گوێی جەماوەر، پاش هاتنەدەرەوی وڵاتیش، مەرزیە لەو هۆنەرمەندە دڵسۆزانە بوو کە بە هەستێکی بەرپرسایەتی کەم وێنەوە، خۆبەخشانە لە شادی و لە خەمدا بەشداری بۆنە و رێورەسمە جەماوەری و خەڵکیەکانی کوردەکانی دەرەوەی وڵاتی دەکرد و وەک مۆمێک خۆی دەسووتاو لە بەستەڵەکی غۆربەتدا، دەبوو بە رووناکی و گەرمی بۆ کۆری ئێمەی دوورەوڵات.

لە بواری هۆنەریشدا **مەرزیە فەریقی** لەو ژنە بوێرانە بوو کە بوو بە رچەشکێنی رێگای هونەرمەندە کچە گۆرانی بێژەکانی کورد و توانی خۆشەویستی و هەستەکانی خۆی لە ژێر بۆچونی زالی پیاوسالاری لە ئەدەب و هۆنەردا دەرکات و بەو شێوەیەی کە شیاوە لە روانگەی بیرو هەستی ژنێکەوە بڕوانێتە خۆشەویستی و گۆرانی بۆ بڵێت.

لە دەسدانی مەرزیە کارەساتێکی گەورەیە بۆ گەلی کورد و بەتایبەت هۆنەر و گۆرانی کوردی و دڵی هەموو ئەوکەسانەی ئەم هۆنەرمەندە خۆشەویستەیان دەناسی لێواولێوی خەم کرد و فرمێسکی داخ و حەسرەتیشمان ئەم برینە گەورەیە سارێژ ناکات.

**ئێمە وەکوو کۆمیتەی سکاندیناڤیای کۆمەڵە** بەم شێوەیە هاوخەمی خۆمان **بۆ کاک ناسری رەزازی هاوسەری و یادگارەکانی ماردین و دلنیا و کاردۆ و خوشک و براکانی و هەموو بنەماڵەی بەڕێزی ئەو ئازیزە** و هەموو خەمبارانی ئەم کارەساتە دەکەین.

PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەم خەمە خەمی ئێمەشە و ئەم برینە لە دڵی ئێمەشدایە و ئەم ئازارە لە سەرشانی ڕۆحی خەمباری ئێمەش نیشتووە. ڕێز لە یادی خۆشەویستی دەگرین و سەری ئازارەکانتان خۆشەویستانە لە باوەش دەگرین.

بەرزوبەڕێز بێت یادی هونەرمەندی گەلی کورد مەرزیە فەریقی !

کـۆمیتـــەی مەڵــبەنـدی سکاندیـناڤی کۆمەڵە 20-09-2005

---

**Tel+fax : 0046 31 3308048 E.mail : kmsk2004@hotmail.com**
**Adress : Box 101 post nr 424 23 Angered Göteborg Sweden**

PDF created with FinePrint pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com